**دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

**ژمارەی: ( ٣٤٨ ) لە ٢٠١٨/٤/٣**

**پاڵپشت بەحوكمی ماددەی یازدەم لە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بریارماندا بەدەركردنی پەیڕەوی ناوخۆی دەستە:**

## پەیرەوی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٨
## پەیڕەوی ناوخۆیی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

### فەسڵی یەكەم :
### ئامانجەكانی دەستە وئەرك ودەسەڵاتەكانی

**ماددەی ( ١ ):** ئەم زاراوە ودەستەواژانەی خوارەوە ، ماناكانی بەرامبەریان دەبەخشن بۆ مەبەستی ئەم پەیڕەوی ناوخۆییە :

هەرێم : هەرێمی كوردستان – عێراق

پەرلەمان : پەرلەمانی هەرێمی كوردستان - عێراق

دەستە : دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان – عێراق

سەرۆكی دەستە : سەرۆكی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان – عێراق

ئەنجومەنی دەستە : ئەنجومەنی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

ئەنجومەنی كارگێری : ئەنجومەنی كارگێری دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ

یاسای دەستە : یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٠

نووسینگەی مافی مرۆڤ : نووسینگەی مافی مرۆڤ لە پارێزگا و شار وشارۆچكەكان .

**ماددەی ( ٢ ):** ئامانجی دەستە بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوەیە :

**یەكەم :** پارێزگاركردن لە مافەكانی مرۆڤ وپتەوكردنی و داكۆكی كردن لێی لە هەموو لایەنەكانەوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەكان .

**دووەم :** بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری مافەكانی مرۆڤ.

**ماددەی ( ٣ ) :** دەستە كار دەكات بۆ باشكردنی رەوشی مافی مرۆڤ لەرێگەی هەڵسان بەم ئەركانەی خوارەوە :

**یەكەم :** راوێژی خوی سەبارەت بە مەسەلەكانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ پێشكەش دەكات و راسپاردە بۆ وەزارەتەكان و دەزگا پەیوەندارەكان لەهەرێم بەرز دەكاتەوە .

**دووەم :** لەرێگای چەسپاندنی بەهای لێبوردەیی و ماناكانی هاوكاری كۆمەڵایەتییەوە ، رۆشنبیری مافی مرۆڤ و مەسەلەكانی ژنان ومنداڵان بڵاو دەكاتەوە .

**سێیەم** : چاودێری گونجانی یاساکاری هەرێم ، لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ ئازادییە سەرەکییەکان و، پێشکەش کردنی پێشنیاز لە بارەیەوە بۆ لایەنە پەیوەندارەکان دەکات .

**چوارەم** : هەڵسەنگاندنی پلەی پابەندبونی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا ، بەحوکمەکانی بەڵگەنامە و بەندە تایبەتەکانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانە نێودەوڵەتیەکان تایبەت بەمافەکانی مەدەنی وسیاسی و مافە ئابوری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان ، لەگەڵ دەرخستنی ئەو پێشێلکارییانەی کە دوور نییە بەهۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە پەیدا بن .

**پێنجەم** : ئامادەکردنی لێکۆلینەوە وتوێژینەوەی خولاو وخول و دەرچواندنی بڵاوکراوە وچاپەمەنی دەربارەی رێگاکانی باشترکردنی مافی مرۆڤ لەهەرێمدا لەگەڵ بەستنی کۆڕ وکۆبونەوەی تایبەت لەبارەی مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ .

**شەشەم** : سەردان و چاودێری کردنی بەندیخانەکان و بەرێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەست بەسەر و بنکەکانی لێکۆلینەوە و ئامادەکردنی راپۆرتی خولاو خول دەربارەی بەندییەکان و سپێردراوان بەچاکسازی کۆمەڵایەتی و دەست بەسەران.

**حەوتەم** : وەرگرتنی سکاڵا لەخەڵك وکۆمەڵە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و دڵنیا بوون لە راستییان و ئاگاداری داواکاری گشتی بۆ گرتنەبەری رێکاری یاسایی و بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکان دەکات .

**هەشتەم** : هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەلگای مەدەنی دەکات لەهەرێم و دەرەوەی هەرێمیش ، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵە هزری وئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیشدا و، ئەلقەی لێتوێژینەوەش لەگەڵ هاوڵاتییان لەهەرێمدا بە جۆرێك رێك دەخات ، کە رۆشنبیری پابەندبوون بە بەندە یاساییەکان و رێککەوتنە نێودەوڵەوتیەکانی مەسەلەکانی مافی مرۆڤــەوە زامن بکات ، لەپێناو سەروەری یاسا و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤــدا .

**نۆیەم** : لەگەڵ رێکخراوە تایبەتمەندەکان بە مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکەدا هاوکاری و هاودەنگی دەکات بە ئامانجی نوێنەرایەتی کردنی هەرێمی کوردستان لەکۆبونەوەو کۆنگرەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤــ.

**دەیەم** :

أ- راپۆرتی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ دەرخستنی رووی راستەقینەی واقیعی مافی مرۆڤ لەهەرێمداو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری ولایەنە پەیوەندیدارەکان بەرز دەکاتەوە ، لەگەڵ پیشاندانی راسپاردەی بەکردار بۆ پاراستن وبەهێزکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان .

ب- راپۆرتی خولاو خول لەبارەی مافی مرۆڤ بە پەرلەمانی کوردستان دەدات و لەدەزگاکانی راگەیاندن دا بڵاوی دەکاتەوە .

## فەسڵی دووەم

## ئەرك ودەسەڵاتەكانی سەرۆكی دەستە

**ماددەی (٤)**: سەرۆكی دەستە خۆی سەرۆكی كارگێری دەستەكەیە و بەرپرسی راستەوخۆیە لە جێبەجێكردنی سیاستەكانی و، بەپێی یاساش لەوەوە بڕیار وفەرمان و رێنماییانە دەردەچن كە پەیوەندییان بەكاروبارە هونەری ودارایی و كارگێرییەكانەوە هەیە و ، نوێنەرایەتی دەستەش دەكات لە لەلایەنە حكومی و دام ودەزگا و دەستەكانی دیكەی پەیوەندیدار لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا .

**ماددەی (٥)** : سەرۆكی دەستە بۆی هەیە بەپێی پێوستیەكانی كار و پاش رەزامەندی ئەنجومەنی كارگێری بەشەكانی دەستە لەنوێ دابمەزرێنێ یان لێكیان بدات یان هەڵیان بوەشێنێتەوە .

**ماددەی ( ٦ )** : سەرۆكی دەستە بۆی هەیە لەكاتی پێویست دا بانگهێشتی كۆبونەوەی لەناكاوی ئەنجومەنی دەستە بكات .

**ماددەی ( ٧ )** : سەرۆكی دەستە بۆی هەیە لایەنە پەیوەندیدارەكان لەوەزارەت و فەرمانگەكانی هەرێم وكەرتی تایبەت و رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئامادەبونی كۆبونەوەی ئەنجومەنی دەستە بانگ بكات .

**ماددەی ( ٨ )** : سەرۆكی دەستە بۆی هەیە رێنمایی دەربكات بۆ ئاسانكاری جێ بەجێكردنی یاسای دەستە .

## فەسڵی سێیەم

## نووسینگەی سەرۆكی دەستە و پێكهاتەكانی پەیوەست بەوەوە

**ماددەی ( ٩ )** : نووسینگەی سەرۆكی دەستە لە ئاستی بەرێوەبەرایەتی دەبێت ، فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرای زانكۆی هەبێت وچەند فەرمانبەرێكیش یاریدەی دەدەن .

**ماددەی ( ١٠ )** : نووسینگەی سەرۆكی دەستە ئەم ئەركانەی دەبێت :

**یەكەم** : سەرپەرشتی پێكهاتەكانی سەر بە نووسینگە دەكات .

**دووەم** :ئامادەكردنی فەرمان و بریارەكانی تایبەت بە كاری نووسینگە .

**سێیەم** : وردبینی و بەدواداچون و رێكخستنی پۆستەی هاتوو لەلایەنی باڵا و وەزارەت و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت و هەروەها فەرمانگە و نووسینگەكانی سەر بەدەستە .

**چوارەم** : رێكخستنی دیدار و چاوپێكەوتنەكانی سەرۆكی دەستە :

**پێنجەم** : هەر ئیش وكارێك كە لەلایەن سەرۆكی دەستەوە پێدەسپێردرێت .

**ماددەی ( ١١ )** : پێكهاتەكانی نووسینگەی سەرۆكی دەستە :

١- سكرتاریەت : فەمارنبەرێك بەرێوەی دەبات كە شارەزایی و لێهاتوویی لەكارەكانیدا هەبێت ، ئەركی وەرگرتنی پۆستە و پەیوەندی تەلەفۆنی وئیمەیل لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەكان وچاپكردنی نوسراوە فەرمیەكانی نووسینگەیە .

٢- خامەی نهێنی : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات كە شارەزایی لەبواری كارگێری دا هەبێت . ئەركی كردنەوەی تۆمار و ئەرشیف كردن وبەدواداچونی نوسراوەكانە .

**ماددەی ( ١٢ ) :** ئەم بەشانەی خوارەوە پەیوەستە بە نووسینگەی سەرۆکی دەستە :

**یەکەم :** بەشی وردبینی :

**دووەم :** بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری :

**ماددەی ( ١٣ ) :** هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وەپسپۆڕیەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی ، وە لایەنی کەم چوار ساڵ ڕاژەی هەبێت . لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی و ڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت.

## فەسڵی چوارەم

## ئە نجومەنەکانی دەستە :

**ماددەی ( ١٤ )**

**یەکەم :** ئەنجومەنی کارگێڕی ، کە لە سەرۆك و بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی دەستە و ڕاوێژکاران پێکدێت .

**دووەم :** ئەنجومەنی دەستە ، لەمانەی خوارەوە پێکدێت :

١- سەرۆکی دەستە / سەرۆك .

٢- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ / بڕیاردەر .

٣- نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران پلەکەی لە پلەی تایبەت کەمتر نەبێت / ئەندام .

٤- نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری / ئەندام .

٥- نوێنەری داواکاری گشتی / ئەندام .

٦- دوو ئەندام لەوانەی کەکاری دادوەری یان یاسادانان بۆ ماوەیەك کردبێت کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت .

**سێیەم :** مسۆگەرکردنی بەشداری ئافرەت لە ئەنجومەنەکەدا .

**چوارەم :** ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوە ، سەرۆکیش لە کاتی پێویستدا بۆی هەیە بانگهێشتی کۆبونەوەی لەناکاو بکات و، بڕیارەکانیشی بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبوان وەردەگرێت ولەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنە سەردەکەوێت کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.

**پێنجەم :** سەرۆك بۆی هەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی بۆ ئامادەبونی کۆبونەوەکان بکات و بەبێ ئەوەی مافی دەنگ دانیان هەبێت .

## فەسڵی پێنجەم

## فەرمانگەکان و نووسینگەکانی دەستە

**ماددەی ( ١٥ ) :** دەستە لەم فەرمانگەیە و نووسینگانەی خوارەوە پێکدێت :

**یەکەم :** فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی :

**دووەم :** فەرمانگەی یاسایی وپاراستنی مافی مرۆڤ .

**سێیەم :** فەرمانگەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن :

**چوارەم :** نووسینگەکانی مافی مرۆڤ .

## فەسڵی شەشەم
## فەرمانگەی کارگێری و دارایی

**ماددەی ( ١٦ ) :** فەرمانبەرێ بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەری گشتی ، ولایەنی کەم پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری کارگێری ، یان ژمێریاری ، یان یاسایی یاخود هاوتاکەی ، وەشارەزاو بە ئەزمون بێت لەبواری کارگێری ودارایی. وە دەبێت بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە کاتی دەوامی فەرمی کاری حزبایەتی نەکات، وە لەکاتی دانان ودەست نیشانکردن وکاندیدبوون بۆ ئەو پۆستە دەبێت رەزامەندی دەستەی لەگەڵ بێت .

**ماددەی ( ١٧ ):** فەرمانبەرێ بە پلەی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی یاریدەری دەدات ، کە پێویستە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری کارگێری ودارایی و ژمێریاری و یاسایی یان هاوتاکەی. وە لە رێگەی ئەنجومەنی کارگێری دەستەوە کاندید بکرێت ولەرێگەی CV وچاوپێکەوتنەوە بێت . وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوە ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە بێت .

**ماددەی ( ١٨ ) :** فەرمانگەی کارگێری و دارایی لەو بەرێوەبەرایەتیانە پێکدێت .

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی :

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی دارایی وژمێریاری :

**ماددەی ( ١٩ ) :**

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات **بە** پلەی بەرپۆەبەر ، لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لەبواری کارگێری یان هاوتاکەی ، وە لایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت، وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەی کارگێری ودارایی دەبێت .

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی کارگێری وخۆیەتی لەم بەشانە پێکدێت :

١.بەشی خۆیەتی : پێکدێت لە :

أ.هۆبەی میلاکات .

ب.هۆبەی کاروباری راژە .

٢.بەشی کارگێری :پێکدێت لە :

أ. هۆبەی خزمەتگوزاری .

ب. هۆبەی کۆگا .

ج. هۆبەی هاتوو ودەرچوو .

د. هۆبەی پرسگە .

**سێیەم** : هەر بەش و هۆبەیەك فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش یان هۆبە ، کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وەپسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی ، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت . لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەی کارگێری ودارایی دەستە دەبێت.

**چوارەم** : ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی کارگێری ئەمانە دەبێت :

١- دیاریکردنی پێداویستی دەستە لە فەرمانبەران و دابینکردنی فەرمانبەر بۆ میلاکە بەتاڵەکان .

٢- ئەنجامدانی کارڕاییەکانی تایبەت بەدامەزراندن ، پلە بەرزکردنەوە ، پێدانی سەرموچە ، مۆڵەت ،خانەنشینی ، گواستنەوە راژە ، رێز وسوپاس ... هتد ، بۆ فەرمانبەرانی دەستە وپلە تایبەتەکان .

٣- رێکخستنی دۆسیەکان وتۆمارەکان وداتابەیسەکانی پەیوەست بە کاروباری فەرمانبەران لەبازنەی ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەدا .

٤- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بە کاروباری فەرمانبەران .

**ماددەی ( ٢٠ ) :**

**یەکەم** : بەڕێوەبەرایەتی دارایی وژمێریاری : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر ، لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لەبواری ژمێریاری یان دارایی یان زانستەکانی دارایی و بانك یان هاوتاکەی. وە لایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت لەبواری ژمێریاری ، وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی و رکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەی کارگێری ودارایی دەبێت .

**دووەم** : بەڕێوەبەرایەتی دارایی وژمێریاری لەم بەشانە پێکدێت :

١- بەشی پێشینە وخەرجیەکان.

٢- بەشی ژمێریاری نووسینگەکان .

٣- بەشی مووچە وخەزنە

**سێیەم** : هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، کە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وە پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی ، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت . لەکاتی دانان وپرکردنەوەی و رکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت.

**چوارەم** : ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی وژمێریاری ئەمانە دەبێت :

١- دانان وئامادەکردنی بوودجەی ساڵانەی دەستە .

٢- ئامادەکردنی بووجەی پێداچونەوەی مانگانە وخشتەی خەرجییەکان ومووچەی فەرمانبەران .

٣- گرتنی تۆمارگەکان وئاسنکاری وخستنەبەردەستی دۆسیەکان بۆ دیوانی چاودێری دارایی ، وە پاراستنی دارایی ومولکی گشتی .

٤- ئەنجامدانی هەر کارێکی تری پەیوەندار بەکاروباری ژمێریاری .

## فەسڵی حەوتەم
## فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ

**ماددەی (٢١) :** فەرمانبەرێ بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەری گشتی ، ولایەنی کەم پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری یاسا یان هاوتاکەی و ، وەشارەزاو بە ئەزمون بێت لەبواری مافی مرۆڤ ولایەنی کەم خاوەنی بەرهەمی هزری بێت لەبواری مافی مرۆڤ ، وە ، دەبێت بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە کاتی دەوامی فەرمی کاری حزبایەتی نەکات ، وە لەکاتی دانان ودەست نیشانکردن وکاندیدبوون بۆ ئەو پۆستە دەبێت رەزامەندی دەستەی لەگەڵ بێت .

**ماددەی (٢٢) :** فەرمانبەرێ بە پلەی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی یاریدەی دەدات ، کە پێویستە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی ، وە شارەزا و ئەزمونی لەبواری مافی مرۆڤ هەبێت . وە لەرێگەی ئەنجومەنی کارگێری دەستەوە کاندید بکرێت ولەرێگەی CV وچاوپێکەوتنەوە بێت . وە لەکاتی دانان وپڕکردنەوە ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە بێت .

**ماددەی (٢٣) :** فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ لەو بەرێوەبەرایەتیانە پێکدێت :

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی :

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ :

**ماددەی (٢٤) :**

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەر ، وە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆ بێت لەبواری یاسا یان هاوتاکەی ، وە لایەنی کەم حەوت ساڵ راژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لەم بەشانە پێکدێت :

١.بەشی سکاڵا وبەدواداچوون .

٢.بەشی چاودێری بەندیخانەکان .

**سییەم :** هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت و ، پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**چوارەم :** ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ئەمانەن :

١- ئەنجامدانی تەواوی مامەڵە یاساییەکان پەیوەست بە نوێ کردنەوەی گرێ بەستی فەرمانبەران وهەر گرێ بەستێکی تری یاسایی .

٢- بەدواداچوون بۆ داوایی یاساییەکان و نوێنەرایەتی کردنی دەستە لە دادگاکاندا .
٣- بەدواداچونکردن بۆ ئەو یاساییانەی کە لەهەرێمی کوردستان وعێراقدا دەردەچن لەبواری مافەکانی مرۆڤـ بەمەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ پێوەرەکانی بواری مافی مرۆڤـ .
٤- وەرگرتنی سکاڵای هاوڵاتیان وکۆمەڵە ورێکخراوەکان وکۆمپانیاکان بەپێی یاسای دەستە .
٥- سەردانیکردن وبەدواداچون بۆ ڕەوشی گرتوخانەکانی هەرێمی کوردستان وبنکەکانی پۆلیس و نووسینی ڕاپۆرت لەبارەیانەوە هەروەها هەموو ڕێکارێکی یاسایی پێویست بۆ باشکردنی ڕەوشی مرۆیی لە بەندیخانەکان .

**ماددەی ( ٢٥ ) :**

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤـ : فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەر ، دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرای زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی ، لایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت لەبواری مافی مرۆڤـ . وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤـ لەم بەشانە پێکدێت :
١- بەشی چاودێری ودۆکیۆمێنتکردن :
٢- بەشی ڕاپۆرت :
٣- بەشی توێژینەوە وئامار :

**سێیەم :** هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت و، پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ ڕاژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**چوارەم :** ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی مافی مرۆڤـ :
١- چاودێریکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤـ بە هەموو سێکتەرەکان وکایەکان هەروەها بە دۆکیۆمێنتکردنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤـ وبەرزکردنەوەی پێشنیارو ڕاسپاردە بۆ سەروی خۆی .
٢- سەرپەرشتیکردن و وەڵامدانەوەی کۆی نوسراوەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤـ بۆ دەزگا ودامەزراوە ولایەنە پەیوەندارەکان .
٣- نووسینی ڕاپۆرتەکانی دەستە تایبەت بەڕەوشی مافی مرۆڤـ بەهەماهەنگی لەگەڵ بەشە تایبەتمەندەکانی دەستە.
٤- ئەنجامدانی سیمنار وچالاکی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مافی مرۆڤـ بە هاماهەنگی لەگەڵ بەشە تایبەتمەندەکانی دەستە .

## فەسڵی هەشتەم
## فەرمانگەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن

**ماددەی ( ٢٦ ):** فەرمانبەرێ بەرێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ، ولایەنی کەم پێویستە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە سیاسیەکان یان ڕاگەیاندن یان پەیوەندیەکان ودبلۆماسیەت یان هاوتاکەی و ، وەشارەزاو بە ئەزمون لەبواری پەیوەندیەکان وڕاگەیاندن هەبێت و بەدیکۆمێنێت پشت راست بکاتەوە ،وەتوانستی زمانەوانی باش بێت جگەلە زمانی فەرمی لەهەرێم، زمانەکانی عەرەبی وئینگلیزی بزانێت،دەبێت بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە کاتی دەوامی فەرمی کاری حزبایەتی نەکات ، وەلەکاتی دانان ودەست نیشانکردن وکاندیدبوون بۆ ئەو پۆستە دەبێت ڕەزامەندی دەستەی لەگەڵ بێت .

**ماددەی ( ٢٧ ) :** فەرمانبەرێ بە پلەی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی یاریدەری دەدات ، کە پێویستە بەلایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی ، وەشارەزا وئەزمونی لەبواری پەیوەندیەکان وڕاگەیاندن هەبێت . وەلەرێگەی ئەنجومەنی کارگێری دەستەوە کاندید بکرێت و لەرێگەی سی ڤـی وچاوپێکەوتنەوە بێت ، وە لەکاتی دانان وپرکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە بێت.

**ماددەی ( ٢٨ ) :** فەرمانگەی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن لەو بەرێوەبەرایەتیانە پێکدێت :

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان :

**دووەم :** بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن :

**ماددەی ( ٢٩ ) :**

**یەکەم :** بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرێوەبەر ، دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی ، جگەلە زمانی کوردی شارەزای وتوانستی لە زمانی عەرەبی هەبێت ، وە لایەنی کەم حەوت ساڵ راژەی هەبێت، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**دووەم :**بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان لەم بەشانە پێکدێت :

١- بەشی ڕێکخراوەکان .

٢- بەشی وەرگێڕان.

**سێیەم :** هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەرێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وە پێویستە پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**چوارەم :** ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان :

١- ئامادەکردن وڕێکخستنی کۆنفراس وکۆبونەوەکان و کۆنفراسەکانی تایبەتمەند کە دەستە پێی هەڵدەستێ لە ناوەوە ودەرەوەی هەرێم .
٢- سەرپەرشتی وئامادەکاری بۆ کۆبونەوەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکان ونووسینی کۆنوسی کۆبونەوەکان و دۆکیۆمێنتکردنی کۆبونەوەکان و نوسراوەکان .
٣- کارکردن بۆ باشکردن و زەقکردنەوەی وێنەی دەستە وبەهێزکردنی پەیوەندی وهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە ناوەخۆیی ودەرەکیە جیاوازەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی تر ناو دەستە .
٤- ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاداشتی لێکتێگەیشتن وڕێککەوتنامەی هاوکاری وهەماهەنگی لەنێوان دەستە ولایەنەکانی تر.
٥- بەدواداچون کردن بۆ جێ بەجێکردنی کارەکان و پرۆژەکان کە دەستە لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان و لایەنی پەیوەندارەکان ئەنجامی دەدات بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندارەکانی ناو دەستە .
٦- ئاگادارکردنەوەی دەستە بە هەموو پەرەسەندن وچالاکی وبابەتی گشتی کە جێی بایەخی دەستەن و لەوەرگرتنی بروسکە ونامەکان و داوەتنامانەی کە ئاراستەی دەستە دەکرێن .
٧- ئامادەکردنی وەڵام بۆ بروسکەو نامەکان کە لایەنە پەیوەندارەکان بۆ دەستە هاتووە لەهەموو بۆنەکان بەپێی ڕێنمایی ورەزامەندی سەروو .
٨- کارکردن لەسەر پێشوازیکردن لە شاندەکان وئاسانکاری کردنی ڕێ شوێنەکانی پێشوازیکردنیان و ئامادەکرنی پرۆگرامی پێشوازی ومانەوەی میوانانی دەستە وڕێکخستنیان .

**ماددەی ( ٣٠ ) :**

**یەکەم** : بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر ، دەبێت لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت لەبواری ڕاگەیاندن یان زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی ، وە لەلایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت، لە بواری ڕاگەیاندن شارەزای وئەزمونی هەبێت ولەڕێگەی cv وە پشتراستی بکاتەوە بە بەڵگە بیخاتە ڕوو ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی و ڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**دووەم** : بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن لەم بەشانە پێکدێت :
١- بەشی بلاوکراوە وچاپەمەنی .
٢- بەشی وێنەگرتن وئەرشیف

**سێیەم** : هەر بەشێك فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی بەش ، وە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وە پێویستە پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ ڕاژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپرکردنەوەی ورکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**چوارەم : ئەرکەکانی بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن ئەمانەن :**

١- ڕومالکردنی کار وپرۆژە وچالاکییەکانی دەستە لەڕووی ڕاگەیاندنەوە .

٢- بەشداری کردنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە وبلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ ومافی گشتی .

٣- هەڵسان بەچاپکردنی بلاوکراوە و رێکخستنی لاپەرەی فەرمی دەستە وبابەتەکانی پەیوەست بە ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری .

٤- چاودێریکردن وبەدواداچون وئاگاداربوون لە بابەتە پەیوەستەکان لەڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و چاپەمەنیەکان وئاگادارکرنەوەی بەشەکانی دەستە پەیوەست بەم بوارە .

٥- ئامادەکردنی پەیام وبەیاننامە فەرمیەکانی دەستە بەهەماهەنگی سەرۆکی دەستە وە فەرمانگەی تایبەت بە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە .

٦- ئامادەکردن وبەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی بەردەوام و مانگانە وخولاو پەیوەست بەکاری بەشەکە بۆ سەرووی خۆی

٧- ئەرشیف کردن ودۆکیۆمێنتکردنی بەلگەو ڕاپۆرت وبابەت و بەیاننامە وهەڵوێستە فەرمیەکانی دەستە .

## فەسڵی نۆیەم :

## نووسینگەکانی مافی مرۆڤــی سەر بە دەستە :

**ماددەی ( ٣١ )**

**یەکەم:**دەستە بۆی هەیە نووسینگەی مافی مرۆڤ لە پارێزگاکانی هەرێم بکاتەوە.

**دووەم:** دەستە بۆی هەیە نووسینگە لە قەزا وناحیەکان بکاتەوە (ماددەی دووەم _ دووەم لە یاسای دەستە).

**ماددەی (٣٢ )** : هەر نووسینگەیەکی مافی مرۆڤ فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەرای زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی و ، لایەنی کەم حەوت ساڵ ڕاژەی هەبێت لەبواری مافی مرۆڤ وە شارەزا وئەزمونی لەبواری مافی مرۆڤ هەبێت و بە بەلگە بیخاتەڕوو لەکاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی نووسینگەکان دەبێت .

**ماددەی ( ٣٣ )** : بەرێوەبەری نووسینگە یاریدەدەرێکی دەبێت بۆ رایکردنی کارەکانی .

**ماددەی (٣٤ )** : نووسینگەی مافی مرۆڤ لەم هۆبانە پێکدێت :

١- هۆبەی یاسا وسکالا .

٢- هۆبەی گرتوخانەکان .

٣- هۆبەی ڕاگەیاندن وپەیوەندیەکان .

٤- هۆبەی ڕاپۆرت .

٥- هۆبەی چاودێری و دۆکیۆمێنتکردن .

٦- هۆبەی کارگێری وخۆیەتی .

**ماددەی (٣٥) :** هەر هۆبەیەك فەرمانبەرێ بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەرپرسی هۆبە ، لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت ، وە پێویستە پسپۆریەکەی گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەی، وەلایەنی کەم چوار ساڵ راژەی هەبێت ، وە لە کاتی دانان وپڕکردنەوەی وڕکابەری کردن بۆ ئەو پۆستە ئەولەویەت بۆ فەرمانبەرانی دەستە دەبێت .

**ماددەی ( ٣٦ ):** ئەرکەکانی نووسینگەی مافی مرۆڤـ هەمان ئەو ئەرکانەن کە لە ماددەی ( ٢) پەیڕەوی ناوخۆ دا هاتووە ، وە لەسنوری کارکردنی جوگرافی خۆیدا .

## فەسڵی دەیەم

## ڕاوێژکاران

**مادده (٣٧ ) :** راوێژکاران ژمارەیان لە دوو زیاتر نابێت و دەبێت شارەزا وپسپۆر بن لە بواری مافی مرۆڤـدا (ماددەی حەوتەم (یەکەم -٤) لەیاسای دەستە).

**ماددەی (٣٨ ):**ڕاوێژکار پێویستە لایەنی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لەبواری زانستە مرۆڤـایەتیەکان یان هاوتاکەی، وەشارەزاو بە ئەزمون بێت لەبواری مافی مرۆڤـ ویاساکان ولایەنی کەم خاوەنی بەرهەمی هزری بێت لەو بوارەدا ،وە توانستی زمانەوانی باش بێت جگەلە زمانی کوردی ، زمانی عەرەبی بزانێت، وە دەبێت بەڵێنامەیەکی دەست نووس پێشکەش بکات کە لە کاتی دەوامی فەرمی کاری حزبایەتی نەکات، وە لەکاتی دانان ودەست نیشانکردن وکاندیدبوون بۆ ئەو پۆستە دەبێت ڕەزامەندی دەستەی لەگەڵ بێت

**ماددەی (٣٩ ) :** ئەرکەکانی راوێژکاران :

١- کاری پێشکەشکردنی راوێژکاری لە بابەتەکانی مافەکانی مرۆڤـ ، وە پرس وبابەتەکانی یاسایی بۆ سەرۆکی دەستە .

٢- پێدانی ڕاوێژ و پێشکەشکردنی پێشنیارو ڕا و سەرنج سەبارەت بە پرۆژەکان ، پلانی ساڵانە ، چالاکیەکان کەدەستە ئەنجامی دەدات .

٣- پێدانی ڕاوێژو ڕا وسەرنج بە ڕاپۆرتی تایبەت و گشتی ساڵانەی تایبەت ڕەوشی بەمافەکانی مرۆڤـ .

٤- جێبەجێکردنی هەر ئەرك وکارێك کە لەلایەن سەرۆکی دەستەوە پێدەسپێردرێت ، بە مەبەستی بەرەو پێشبردن وچاککردن وخزمەتکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤـ .

## فەسڵی یازدەیەم :

## حوکمە گشتیەکان وکۆتـاییەکان

**ماددەی (٤٠ ) :** ئەنجومەنی کارگێری وئەنجومەنی دەستە بەرنامە ومیکانیزم وپەیڕەوی ناوخۆیی کارکردن بۆ خۆیان دابنێن وپەیڕەو بکرێت .

**ماددەی (٤١ ) :** سەرپەرشتیکردن وبەرێوەبردنی ماڵپەرو وێب سایت و پێیج و لاپەڕەی فەرمی دەستە رێکدەخرێت بە هەماهەنگی نێوان سەرۆکی دەستە و بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی پەیوەندیەکان وڕاگەیاندن .

**ماددەی ( ٤٢ ) :** بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی پەیوەندییەکان وڕاگەیاندن ، ووتەبێژی فەرمی دەستە دەبێت ، وە یان هەر کەسێکی تر کە لەلایەن سەرۆکی دەستەوە دیاری دەکرێت .

**ماددەی ( ٤٣ ) :** لەڕێگەی فۆرمێکەوە هەڵسەنگاندن بۆ کارو ئەدای (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناو دەستە ، بەڕێوەبەری نووسینگەکان) دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی کارگێڕی دەستە لەکۆتایی هەر ساڵێکی کارکردن بەمەبەستی پێدانەوەی متمانە بەمانەوەی لەپۆستەکەی یاخود بواردن وبەخشینی ( اعفاء ) .

**ماددەی ( ٤٤ ) :** ئەم پەیڕەوە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی پەسەندکردنی و دەرچوونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٣/٢٨ ، وە لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ضياء بطرس صليوا**
**سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**